کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:56 30-12-2006

# ڕوناک ڕەئوف سەعید:ـ لێپرسراوی سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناكبیریی ژنان .. چریكەیەک ئەكەم بۆ پیاوانی سەدەی بیست و یەک پێیان دەڵێم ژن مرۆڤە؟! ... ڕیپۆرتاژی / مەحەممەد سیاسی ئەشكەنەیی



بۆئەوەی هەمیشە بخوێنینەوە پێویستە هەوڵی دروست کردنی كتێبخانە بدەین، بوونی كتێبخانە لەگوندو ناوچەكانی كوردستان نیشانەی پێشكەوتنی خەڵكی ئەو شوێنانە دەگەیەنی كەكتێبخانەی تیادا دروست كراوە، بۆیە جێگای دەست خۆشیە لە ئۆفیسی رانیەی سەنتەری راگەیاندن و روناكبیریی ژنان كە جەسورانە هەوڵی بەردەوامیان دا بۆ كردنەوەی كتێبخانەیەكی گشتی لەسنوری ناحیەی سەركەپكان دیارە ئەوانیش بە پشتیوانی سەنتەری راگەیاندن و روناكبیری ژنان ئەم كارە گرنگەیان جی بەجی كرد كە لەداهاتوودا دەبی بەپرۆژەیەكی گرنگ ونەوەكانی سنورەكەی تێدا سوود مەند ئەبن، كردنەوەی ئەم كتێبخانەیە جیاوازە لەكتێبخانەكانی تر كە ئەم كتێبخانەیە بۆ ژن



كراوەتەوە تاكو هانی ژنانی سنورەكە بدات بێن بخوێننەوە خۆیان رۆشنبیر بكەن تاكو ئەوانەی دەڵێن ژن نیوە مرۆڤە بزانن ژن چەند بەتوانایە ئەیەوی لەرەورەوەی پێشكەوتن و داهێنان دانەبڕێت بۆیە بەچاكمان زانی بەم ریپۆرتاژەمان چەند بەرێزێك بدوێنین:ـ

## صباح مەحەممەد حەسەن بەرێوەبەری گشتی كتێبخانەكانی سنوری ڕاپەرین و پشدەر ووتی:ـ

دیارە كردنەوەی كتێبخانە لەهەر شوێنێك بی ئاستی رۆشنبیری ناوچەكە دەردەخات، دیارە ناوچەكەش و زۆربەی ناوچەكان بەتایبەتی ناوچەی پشدەر سیهەزار ساڵ بەر لەئێستا خوێندنگای ئایینی لێبووە خەڵكەكەی ئاواتیان خۆرۆشنبیركردن و داهێنان بووە، كەلە زۆر شوێن خەڵكی سنورەكان كتێبە دەستنووس و بابەتە كۆكراوەكانیان پاراستووە، وەكردنەوەی ئەم كتێبخانەیە لەناحیەی سەركەپكان كارێكی زۆر باشەو تاكە داهێنانیشە كە ژنان بەو كارە هەڵبستن لەكوردستاندا ئێمەش لەساڵی (2007) دا بەپێی ئیمكان كاریان بۆ دەكەین بۆ دروست كردنی بینایەكی گونجاوو بۆ كتێبخانەكەو هەوڵیش دەدەین نوسراویان بۆ بكەین بۆ سەرووی خۆمان تاكو فەرمانبەری

پێویست و پاسەوانی شەوانەو کارگوزاریان بۆ دابمەزرێنین تاکو ئەوانەی بەو کارە گرنگ و پر بایەخە هەڵستاون هەوڵ بدەن لەشوێنانی تریش کاری گرنگترو پر بایەخ تر بکەن بۆ خزمەت کردنی ناوچەکانی تری کوردستان.

شێخ مەلا ئەندامی ناوەندی کۆمەڵایەتی راپەرین ووتی:ـ ئەو هەنگاوەی سەنتەری راگەیاندن و روناکبیری ژنان بە هەنگاوێکی پیرۆزوو پر بایەخ ئەزانم هیوادارم هەنگاوی تریش بهاوێژن بۆ سنورەکانی تر تا میللەت لە عەقڵی کۆن دۆگما بێتە دەری و گەشە بە فیکرو مەعریفەی خۆی بدات بۆیە داوا لە خەڵکی سنوری ناحیەی سەرکەپکان دەکەم کە هاوکاریان بن و لەگەڵیان خۆیان خەریك بکەن بە خۆماندوو کردن بۆ خۆێندنەوەو خۆ رۆشنبیرکردن، چونکە هەر میللەتێك هەوڵی رۆشنبیری خۆی نەدات هەر لەدواوە ئەبی کەسێکی تر نایەت رزگاری بکات لەو کۆت و پێوەندەی کە نەزانی و دواکەوتوویی بەسەری هێناوە.

ڕوناك رەئوف سەعید لێپرسراوی سەنتەری راگەیاندن و روناکبیریی ژنان ووتی:ـ ئەمە نەکاری یەکەم جارمانەو نە ئاخیر جارمانە، بەبەردەوامی لەهەوڵ داین لەهەموو شوێنەکانی کوردستاندا کتێبخانەبکەینەوە چونکە بوونی کتێبخانە مانای رۆشنبیری ئەو ناوچەیە دەر دەبڕی، ئەم سنورەی کتێبخانەی لی کراوەتەوە لە دێر زەمانەوە جێگەی خوێندەواران و نوسەران و رۆشنبیران و تێکۆشەران بووە، لەبەر ئەوە بەپێویستمان زانی کە کتێبخانەیەك هەبی لە سنوورەکە کەتایبەت بی لە بینایەکی سەنتەری راگەیاندن و روناکبیریی ژنانە، زۆرم پی خۆش بوو کە کاك ێباح بەرێوەبەری کتێبخانەکانی راپەرین ووتی هیوادارین لەساڵی (2007) دا هەوڵی دروست کردنی بینایەك بدەین بۆ ئەم کتێبخانەیە بەراستی من ئەم قسەیەی ئەوم چووە دڵەوە، هیوادارم زۆر بەزوویی جی بەجی بکری بۆئەوەی دەستی هەبی لەپێش خستنی رۆشنبیری بۆژنان، چونکە خوێندنەوەی هەر کتێبێك کردنەوەی مێشکە، جامن چریکەیەك ئەکەم بۆ پیاوانی سەدەی بیست و یەك پێیان دەڵێم ژن مرۆڤە، مرۆڤیش شایەنی هەموو خۆشەویستی و رێزێکە، بۆچی هەوڵ بدەین پیاوەکانمان خوێندەوار بن و خوێنەری کتێبەکان بن تامێشکیان زیاتر بکرێتەوە، بۆچی لەگەڵ ئەوەدا هەوڵ نەدەین بۆژنانیش کتێبخانەیەك هەبی کە ژنان ئیستیفادەی لی بکەن، لەبەر ئەوە من ئەوە بە هەنگاوێکی سەرکەوتوو دائەنێم لەسەرەتای کارەکانمانە، ئاواتە خوازم بەبەردەوامی لەزۆربەی دێهات و ناوچەکانی کوردستان کتێبخانەی تێدا بکەینەوانی، هەوڵ بدەین بۆژنەکان و بۆ منداڵەکانمان کەفێری خوێندنەوە ببن، کاتی بەتاڵی خۆیان بە فیرۆ نەدەن، بخوێندنەوانی هەر خوێندنەوەیەك رۆشنبیریەك لە مێشکییاندا چەکەرە دەکات.

**مامۆستا زیاد مەحەمەد ئەمین نوسەرو رۆشنبیر ووتی:ـ**

دیارە لەو دەمەوە کە ئادەمیزاد فێری قسە بووە هەوڵی ئەوەشی داوە کە قسەکانی هەر بمێنێتەوە بۆئەم مەبەستەش پی بەپی رۆژ بەرۆژ هاتۆتە پێشی لەنوسینی سەر قوڕەوە تانوسینی سەر پێستەو هەتا ئێستا کە دەبینین ئەم کاغەزە جوانانە، ئەوە هەموو بەرهەمی مرۆڤە کەبیەوی بەرەو پێشەوە بچی، بەرەو پێشەوە چونەکەش لەسەر بناغەی کتێب بووە، چونکە ئەوەی کە گوتویەتی و ویستویەتی بیکا بە گوێرەی کتێب بۆی ماوەتەوە، ئێستا کتێب بۆتە لەهۆیەك لە هۆیەکانی رۆشنبیری، کتێب دەورێکی زۆری دیووە، ئەو بەرهەمانەی کە ئێستا خزمەتی ئادەمیزاد دەکەن هەر لەسەیارەو داوو دەرمان و شتی تر بوونی ئەمانە هەموویان بەرهەمی کتێبن، ئەگەر کتێب نەبایە ئەم شتانە نەدەبوو، ئێستاش لێرە گەیشتووینەتە رادەیەکی پێش کەوتوو کە لە شوێنێکی وەك سەرکەپکان کتێبخانەیەك دەکرێتەوە ئەمە هەوڵ دانێك و نیشانەی چالاکی میللەتەکەمانە بۆ خزمەتکردن و پێشکەوتن، هیوادارم دوژمنان چەند بە پەلە کوردستانیان وێران کرد و روخاندیان ئێمەش بەپەلە ئاوەدانی بکەینەوەو بەرەو پێشی بەرین، لێرەدا سەپاسی روناك خان و روناکەکانی تر دەکەم کە بوونە مایەی ئەوەی کە لەزۆر شوێن روناکی پەیدا بکەن بە روناکی خۆیان کتێبخانە بکەنەوە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:56 30-12-2006

**مافناس هیوا قەرەنی عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری ناحیەی سەرکەپکان ووتی:ـ**

دەست خۆشی لەسەنتەری راگەیاندن و روناکبیری ژنان دەکەم کە ئەم کارە گرنگەیان لە سنورەکەی ئێمەدا ئەنجامدا، دیارە لەرووی یاساییەوە ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێ ئامادەیین هەموو کار ئاسانیەکیان بۆ بکەین بۆ ئەوەی بتوانین زۆر بە زوویی مۆڵەتی رسمی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانیان بۆ وەربگرین تاکو کتێبخانەکە بەشێوەیەکی ڕسمی بوونی هەبێ تاکو لەبەرنامەی کاری وەزارەتی رۆشنبیریی دا بینای پێویستی بۆ دروست بکرێ و زیاتر خزمەتی سنورەکەمانی پێ بکرێ بۆ هۆشیارکردنەوەیان ئێمە بەپێی توانا لەبیدایەتی پرۆژەکەوە تاکو ئاخیری پرۆژەکە وەك ناحیە هاوکاریان دەبین.

**سوارە فتاح سلێمان سەرۆکی شارەوانی سەرکەپکان ووتی:ـ**

کردنەوەی کتێبخانە لەلایەن سەنتەری راگەیاندن و روناکبیریی ژنان جێگای خۆشحاڵیەو خزمەتێکی گەورەیە بە سنورەکە بۆ بەمەدەنی کردن و رۆشنبیرکردنی سنوورەکە و بەیەکسان بوونی هەردوو رەگەزەکە تاکو کۆمەڵگایەکی پاك و بێگەرد بێتە دروست بوون، ئێمە وەك سەرۆکی شارەوانی هەر لە ئێستاوە پشتگیریی و پشتیوانی خۆمان دوپات ئەکەینەوە بۆ دابێن کردنی زەویەك بۆیان تاکو لەرێگەی فەرمانگەکانی ترەوە هەوڵی دروست کردنی بینایان بۆ بدری، کە ئێستا زەوی گشتیمان حازرو ئامادەیە بەڵام کاری یاسایی دەوی لە سەرووەوە هەر دەست پێشخەریەك لە ئەوان ئێمە راستەوخۆ کاریان بۆ دەکەین و داواش لە وەزارەتەکانی (رۆشنبیریی و ئەشغاڵ وشارەوانی) دەکەین کە کاریان بۆ بکەن تاکو هەڵسوراوانی ئەم کتێبخانەیە بتوانن زیاتر خزمەتی ناوچەکەمان بکەن.

**مامۆستا عەلی حەمەد بەگ قائیمقامی رانیە ووتی:ـ**

بێگومان ئەو دەستپێشخەریە گرنگەی سەنتەری راگەیاندن و روناکبیریی ژنان کردوویانە کارێکی ئێکجار گرنگ و پیرۆزە جێی دەستخۆشیی و خۆشحاڵی ئێمەیە، ئە سنورە شایەنی ئەوەیە لای لی بکرێتەوە چونکە سنورێکە پێشتر لانەی پێشمەرگەو تێکۆشەرانی کوردایەتی بووە، بۆیەهەموو هەوڵ و هیمەتەکانی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو کتێبخانەیە بە یاسایی بکری.

**خوناو محەمەد تۆفیق لێپرسراوی لقی رانیەی رێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان ووتی:ـ**

کردنەوەی کتێبخانە لەهەموو شوێنەکان زۆر زۆر پێویستەو زەروریەتی سەردەمە بەتایبەتی لە شوێنە گوند نشینەکان یان لەم ناوچەیە کە بۆ یەکەم جارە کتێبخانە لێرە کراوەتەوە، زۆر زۆر شتێکی جوان و لەبارە بە زەروری دەبینم هەموو گوندەکانی کوردستان کتێبخانەیان تێدابێ ئەمەش ئەرکی حکومەت و دەسەڵاتی کوردیە ئەم کارە بکات بەهاوکاری رۆشنبیران و خوێندەوارانی سنورەکان، بوونی کتێبخانە نیشانەی پێشکەوتن و بەزانستکردنی خەڵکە و هۆشیاری ئەبەخشی بە کۆمەڵگای کوردەواری، وەئێمەش وەك رێکخراوەکەمان ئامادەیین بەپێی توانا هاوکاریان بکەین چونکە ئەو کتێبخانە زیاتر پەیوەندی بە ئافرەتانەوە هەیە بۆ هۆشیارکردنەوەو راهێنانیان بەکاری باش و سەردەمیانەو کوردەواریانە لەهەموو ئاست و بوارەکانی ژیاندا.